# ئیسلامی سیاسی و مۆدێرنیتی
# لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ن: ماهرعەزیز
و: د.سامان هەڵەبجەیی

. . . زۆربەی قوتابخانە ئەکادیمیە سەرەکیەکان، ئیسلامی سیاسی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن تەماشا دەکەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ..

زۆربەی کۆمەڵناسەکان پێیان وایە ئیسلامی سیاسی درێژکراوەی هەمان ئەو ئیسلامە مێژووییە نیە کە هەبووە (زووبەیدە ١٩٩٣ لاپەڕە ٣٣).

بەهەمان شێوە کادی و ئەیوبی پێیان وایە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی کە لە ساڵانی شەستەکاندا بەدیارکەوت و لە حەفتاکان و هەشتاندا گەشەی کرد هەمان ئەو ئیسلامە تەقلیدیەی پێشوو نیە، یاخود گەڕانەوە نیە بۆ مێژووی ئیسلام بەڵکو ڕەنگدانەوەی

شکستی دەسەڵاتە نەتەوەیی و ڕۆژگاریی (دونیایی)ەکانە لە هەندێ ناوچەدا (کادی ١٩٨٨ لاپەڕە ١٥، ئەیوبی ١٩٩٤ لاپەڕە ٣، ٥١)

ئەمانە دەمباتەوە لای بیرۆکە نوێیەکەی زوبەیدە کە دەڵێت : ئێستای ئیسلامی سیاسی (لەلایەکەوە بەرگریە دژ بە پرۆسەی بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگا ئەم پرۆسەی بەمەدەنی بوونەش کاریگەریەکی بەرچاو و بەردەوامی هەیە لەسەر مۆدێرنکردنی)کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست (زوبەیدە ١٩٩٨)

لەم خاڵەوە گونجاوە کە تیشک بخەینە سەر ڕەخنەکانی زوبەیدە دەربارەی ڕۆژهەلاتناسە تەقلیدیەکانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی بیرۆکەی گاڵنەر سەبارەت بە (یەک شێوازی کۆمەڵگای ئیسلام) و ئەو جیاوازیە تیژەی کە لەگەڵ کەلتوری ئەوروپادا هەیەتی.

بەکورتی زوبەیدە دەڵێت : گاڵنەر کۆمەڵگای ئیسلام وەک کۆمەڵگایەکی شمولی و یەک پارچەیی سەیر دەکات چ وەک مێژوو یان کەلتور واتە: گاڵنەریش مۆدێلی ئیبن خەلدون دووبارە دەکاتەوە سەبارەت بە بازنەی گۆڕانکاری دەسەلاتدارەکان و کارلێکی نێوان هۆزەکان و خەڵکی شار، ئەو پێی وایە کۆمەڵگای ئیسلامی (ولاتێکی بی هێزوکەلتورێکی بەهێز) ناسنامەیەتی بەو پێیە شارو زاناکانی ئیسلام نوێنەرایەتی کەلتورەکەی دەکەن دژ بەکەلتوری لاوازی خێڵەکان و هۆزەکان (زوبەیدە ١٩٩٥ لاپەڕە ١٥٤ـ١٥٥) لای گاڵنەر کلتوری بەرزی زانایانی ئایینی و بۆرجوازەکانی پەیامی ئیسلام و بێگەردی ئیسلام دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتی مەرکەزەوە، هەروەها ژێر کاریگەری بەشارستانی بوون و فراوانبوونی ئاستی خوێندن و پەیوەندی لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵ.

بەم جۆرە بەڕای ئەو ـ ئەو یەکسانی و ڕۆحیانەتە بێگەردەی کلتوری ئیسلامی زۆر گونجاوە وەک پێداویستیەکی بەمۆدێرن بوون. گاڵنەر پێی وایە ئەو پاڵپشتیە جەماوەریەی لە ئیسلامی سیاسی مۆدێرن دەکرێت هەواو هەناسەی لە گروەکانی شارستانیەوە وەرگرتووە بەم جۆرە گاڵنەر پێی وایە ئەم پرۆسیسە بەتەواوی پەیوەندیەکی یەکانگیری لەگەڵ

پێداویستیەکانی سەردەمی پیشەسازی و سیاسەتی مۆدێرن هەیە کەواتە گاڵنەر پێی وایە ئیسلامیش کاریگەری گۆڕانکاریە مێژوویەکانی وەک شۆڕشی پیشەسازی و مەدەنیەتی لەسەرە (زوبەیدە ١٩٩٣ـ١٩٩٥)

دەتوانین ڕەخنە لە بۆچوونەکانی سەرەوەی گاڵنەر بگرین و تەحەدای شیکردنەوەکانی بکەین سەبارەت (وڵات و ڕۆڵی زانایانی ئیسلام و پاڵپشتی جەماوەری بۆیان کە گاڵنەر پێی وایە هەناسەیەکی نوێی لە گروەکانی شارستانی یان شارنشینەوە وەرگرتووە) بەو دەلیلە کە زۆربەی پێشەوا سەرەکیەکانی ئەم گروە ئیسلامیانە زانایانی کلاسیکی واتە مەلا نین و لە قوتابخانە شەریعەتی و ئاینیەکان دەرنەچوون بەڵکو دەرچووی قوتابخانەکانی ئەندازیاری و یاسا و پەروەردە و شوێنی دیکەن، بۆ نموونە: (ئیخوان موسلیمین) لە میسرو سودان و ئوردن لە قوتابیانی و زانکۆی پسپۆڕیە جیاوازەکان پێکدێت حەسەن بەننا و سەید قوتب هەردووکیان مامۆستای سەرەتایین، سەرۆکی بەرەیئینقاز عەباس مەدەنی دکتۆرای لە وڵاتی بەریتانیا وەرگرتووە و هاوڕی گەنجەکەشی عەبدولقادر حاچانی ئەندازیاری پیترۆکیمیاوییەکانە و لە فەڕەنسا خوێندوویەتی.

بەم جۆرە زوبەیدە پیشانی دەدات کە ئیسلامی سیاسی نوێ لە دەرەوەی کلتوری مەلا سەرچاوەی گرتووە و مۆدێلەکەی گاڵنەریش سەبارەت بەکۆمەڵگای ئیسلام ناتوانرێت گشتاندنی بۆ بکرێت لەسەر سەرجەم کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین (زوبەیدە ١٩٩٥ لاپەڕە ١٨٥ـ١٨٢)

لە ئەنجامی ئاشنایەتیم بە مێژوو و کلتوری ناوچەکە دەتوانم بیسەلمێنم کە ئیسلام گشتێکی چوونیەک نیە بەڵکو دوو لایەن و چەند لایەنیە وەکو چۆن وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازن ئیسلام دەبێت بەچەند شێوازێک و چەند جۆرێکەوە

هەر جۆرێک دروست دەبێت بەپێی لێکدانەوەیان بۆ قورئان و ووتەکان و ئاکارەکانی موحەمەد (سونەت)

دیارترین جیاوازی نێوان سونە و شیعەیە کە بە کۆنترین جیاوازی هزری و سیاسی دادەنرێت لە ئیسلامدا (*)

بەهەرحاڵ رای جیاواز زۆرە لەنێوان هزرڤان و مەلایانی شیعە و سونەدا کەمن لێرەدا خۆی لێ لادەدەم، چونکە ئەمە تەوەری باسەکەی من نیە. کەواتە چیە هۆکاری زیندووبوونەوە و گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی بەم دیاردەیەی ئێستا .. ؟ پێم وایە تاکە فاکتەر ئەم دیاردەیە دروست ناکات بەڵکو چەند فاکتەرێک لەوانەش هۆکاری کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری تەنانەت رەهەندی سایکۆلۆژیش رۆڵی هەیە لە پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی.بێگومان زوبەیدە تیشکی خستۆتە سەر ئەم فاکتەرانە لە ژێر ناوی دارمانی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی ئەڵتەر نانیڤ (ناسویە نەتەوە پەرستەکان بەعسی سۆشیالیستی کە بەرژێمێکی سەرکوتکاری گەندەڵ دەناسرێت) لە جەوهەردا لە ژێر ناوی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ نموونە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و روخانی بلۆکی کۆمۆنستی لە کۆتایی هەشتاکان و پەیدابوونەوەی دیاردەی ئیمپریالی و وڵات داگیرکردنی وەک شەڕی کەنداوی ١٩٩١ هەموو ئەم فاکتەرانە بوونە سووتەمەنی بۆ زیندوو کردنەوە و زیندووبوونەوەی ئیسلامی سیاسی (زوبەیدە ١٩٩٣)

ئەگەر سەیری ئیسلامی سیاسی بکەین لە عێراقدا بۆمان دەردەکەوێت کە (١٠) گروپ و جوڵانەوەی جیاواز هەیە کە زۆرینەیان شیعەن و سیانیان سونەن لە کوردستانی عێراقدا ئەوانیش:

١- بزووتنەوەی ئیسلامی ، حیزبوڵای کورد و حیزبوڵای شۆڕشگێری کورد ..

٢- گروپە عەرەبەکانیش ئەمانەن:

(١) ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق کە موحەمەد باقر حەکیم سەرۆکایەتی دەکات و لە ئێران دروست بووە و دەڵێن ئێمە پێشەوایەتی شیعە دەکەین کە لە ٦٠٪ عێراق پێکدەهێنێت و باڵێکی سەربازی بەهێزیان هەیە کەلەژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە لە

*** دەوڵەتی سەفەویەکان کە دەوڵەتێکی ئیسلامی بووە لەسەر بنەمای شیعە دروست کراوە لەسەردەی شازدەهەمدا.**

ڕاستیدا زۆربەی جەنگاوەرەکانی لەو سەربازانە پێکدێت کە لە شەڕی ئێران ـ عێراقدا بەدیلی گیرابوون.

(٢) حیزبی دەعوە : گروپێکی ڕادیکاڵین دامەزرێنەرەکەی باقر سەدرە کە سەدام لە ساڵی "١٩٨٠" دا لە سێدارەی دا ئەم گروپە کاریگەریەکەی لە نەجەف و کەربەلاوە سەرچاوە دەگرێت و لە هەشتاکاندا چالاکیان زۆر بوو لە باشووری عێراق.

(٣) ڕێکخراوی ئەمەل کە موحەمەد مودەڕیسی و موحەمەد شیرازی و موحسین حوسەینی بەڕێوەی دەبەن و لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق هاوبەشن.

(٤) پەیوەندی ئیسلامی دیموکراتی و نەتەوایەتی:- گروپێکی بچووکن و لەتاران دروست بوون لەلایەن سەعد یوسفەوە بەڕێوە دەچێت و لەژێر چەتری ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراقدا نیە.

(٥) بزووتنەوەی موهاجیرین لە ئێران دروست بووە و لە ڕێگای دیمەشقەوە دەجوڵێت.

(٦) بزووتنەوەی ئیسلامی کە شێخ مەهدی خالیسی پێشەوای دەکات .

(٧) بزووتنەوەی سەربازی ئیمام کە شێخ ئەلخەفاجی و سامی بەدر ڕابەرایەتی دەکەن.

(٨) حیزبی ئیسلامی عێراقی کە بە برای ئیخوان موسلیمین دەناسرێت .

(٩) حیزبی ئیسلامی.

(١٠) جەماعەتی ضوئی کە ئایەتوڵلا ضوئی، کە گەورە مەرجەعی نەجەفە دایناوە و کوڕەکەی بەڕێوەی دەبات و ئەمانە لەمێژووی سەدام بوون.

لە ڕوانگەی منەوە زۆربەی ئەم گروپانە لاوازن و چالاک نین ئەمانە نەک تەنها جەماوەری نین بەڵکو بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق نایانناسێت جگە لە دوو گروپی یەکەم و دووەم نەبێت.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە هەموان بەهێزترە لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە و بەسێیەم هێز دادەنرێت لە کوردستاندا دامەزرێنەری ئەم بزووتنەوەیە مەلا عوسمان عەبدولعەزیزە و لە ساڵی "١٩٨٥" دا لەهەڵەبجە دایمەزراندووە هەتاوەکو ساڵی ١٩٩١ و

جەنگی کەنداو ئەم گروپە بەهێزتر بوو لە ئەنجامی ئەو هەموو پاڵپشتیە سەربازی و لۆجیستیەی کە لە ئێران و سعودیەوە وەریدەگرێت، ئامانجی ئەم بزووتنەوەیە گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتە بۆ دەوڵەتی ئیسلام و لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا دەیان جەنگی گەورەیان دژ بەحیزبە مەدەنییەکان ئەنجامدا سەرەڕای دژایەتی کردنیان بۆ دیاردە ئەکادیمی و زانستی و مۆدێرنەکانی کۆمەڵگای مەندەنی بۆ نموونە: زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر.

ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆژیاکانی ئیخوان موسلیمینە لە میسر،لە ڕاستیدا (لە ڕوانگەی منەوە) جەماوەری ئەم گروپە ئیسلامیە ڕوو لە زیاد بوونە لەنێوان چینی ناوەندا.

هەر چۆنێک بێت ئەم پارتە جیاوازیەکی کەمی لەگەڵ پارتە ئیسلامیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەیە ئەمیش لە ئەنجامی سیاسی چەوت و بەعەرەبکردن و ترس و تۆقاندن و ئەنفالکردنی دروست بووە بەهۆی ئەنفالەوە ڕێگە درا بە سوپای عێراقی ماڵ و حاڵی کوردان بسووتێنن و تالآنی بکەن تەنانەت ڕێگەیان پێدان ئافرەتەکانیش وەک دەسکەوت بەکاربهێنن ئەم سیاسەتەش من پێی دەڵێم : (مۆدێلی سەدام بۆ مۆدێرن کردنی کوردستان) لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا باری ئابووریش تێکچووە پێشتر تاکی کورد بەرهەمهێنەر بوو، بەڵام پاش ئەنفال بووە تاکێکی بێبەرهەمی بەرهەم خۆر جگە لەمانەش کێشمەکێش و شەڕی براکوژی نێوان پارتە عەلمانیە نەتەوەییەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی زیاتر ئەم گروپانەی بەهێزکرد ..

زوبەیدە دەڵێت: پارتە ئیسلامیە قەومیەکان ئێستا گروپێکی مۆدێرنن کە توانیویانە شوێنی پارتە قەومیە تەقلیدیەکان بگرنەوە کەشکستیان هێنا لە وولات بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی دروست (زوبەیدە ١٩٩٣). ئەم حاڵەتەش تەواو بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی ڕاستە.کاتێک لێکۆڵینەوەی ئیسلامی سیاسی دەکەیت زوبەیدە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئیسلامی سیاسی زمانحاڵێکی باڵایە لە مەیدانی بەربەرەکانێی سیاسی و کلتوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

تەنانەت ڕای جیاواز و دژ بەیەک و حەز و هزری جیاوازیش دەتوانن هەناسە بدەن و خۆیان بنوێنن لەم شێوازە نوێیانەی ئیسلامی سیاسی کە بێگومان شوێنی ئایدۆلۆژیا مەدەنی و کۆنەکانی سەردەمی پێشووی گرتووتەوە (زوبەیدە ١٩٩٣، ١٩٩٥ لاپەڕە ١٨٣-١٨٤)ئەمەش بەڕای من لەوانەیە بەهۆی جیاوازی کۆمەڵگاکانی ئیسلام لە ڕووی مێژوو و کلتورەوە وای کرد لە زوبەیدە کە تەحەدای بیرۆکەی (ئیسلام دیاردەیەکی چوونیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیە) بکات.

ئەم جیاوازیەی کۆمەڵگاکانی ئیسلامیش ڕەنگدانەوەی جیاوازی بزووتنەوە ئیسلامیەکانە .. بەم پێیەش (جیهانی ئیسلامی)جیهانێکی جیاوازە وەک جیهانی ڕۆژئاواش چوونیەک نیە و جیاوازی تێدایە زوبەیدە دەڵێت :- ئیسلام وەک مێژوو وەک سیاسەت وافراوان نیە و جیهانێکی جیاواز نیە کە بەجەوهەرێکی تایبەتەوە بەڕێوەبە بچێت واتە :- جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ جیهانی مەسیحی و یەهودیدا نیە.

ئەیوبی دەڵێت :- ئیسلام کۆمەڵگایەکی دینی ئەحلاقی (مۆراڵی) و هیچ بازنەیەکی سیاسی تایبەتی تێدا نیە . ئەیوبی دەڵێت :- ئیسلام بە ڕەمەکی خۆی سیاسی نیە و دەستەواژە ئیسلامی دینی دەوڵەتە لە سەرەتای سیەکانەوە دروست بووە ١٩٣٠ (ئەیوبی ١٩٩٤ لاپەڕە ٣، ٥ ، ٥١) .

یەکەم ڕاگەیاندنی ئیسلام، دینی دەوڵەتە لەلایەن خومەینییە و گروپە ڕادیکاڵیەکانی دیکەدەکرا زوبەیدە (١٩٩٣ لاپەڕە ٤).

لەم بارەشدا ئیخوان موسلیمین و وەهابیەکان دوو گروپی زۆر سەرەکین کە سوورن لەسەر یەکگرتوویی دین و دەوڵەت (لاپەڕە ١٢ d:I6).

سەردەمی کاریزمایی ئیسلام کە ئەویش بیرو بڕواو ڕەوشتی کۆمەڵگای مەدەنییە لە کاتی موحەمەددا و پاشانیش خەلیفەکانی ڕاشیدین کە بە حوکمی قوڕئان و سونەت کاریان کردووە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی بنەڕەتی دادەنرێت لەلایەن گروپە ئیسلامیە ئسوڵیە نوێیەکانەوە (زوبەیدە ١٩٩٣ لاپەڕە ٣).

لەکاتی ڕوونکردنەوەی مێژووی ئیسلامی ئسولیدا زوبەیدە وەبیرمان دێنێتەوە کە بەگوێرەی تیۆری شەریعەتی ئیسلامی ئیسلام سیاسەتە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە ، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە زۆر جیاوازە بۆ نموونە لە کاتی ئیمپراتۆریەتەکانی ئیسلامدا بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی ئەمەوی کە لێرەدا جیاوازیەک وەک دیفاکتۆیە (واقیع) خۆی نواند ئەویش شێوازی حوکمی ئیسلامە بەگوێرەی دەوڵەت یان بەگوێرەی خەڵک کە ئیسلام لە هەردوو لادا بە شێوازی جیاواز بەکار دەهات (زوبەیدە ١٩٩٣ لاپەڕە ٤).

لەوەش زیاتر ڕاستیە مێژووییەکان و کلتورە سیاسیەکانی ئیسلام پێشنیار دەکەن کە یەکەم کاریگەری شەریعەت کە خۆی لە قورئان و سونەت و حەدیسی پێغەمبەردا دەبینێت زۆر بەڕوونی دیارە لەسەردەمی موحەممەد و خەلیفەکانی ڕاشیدین.

دووەم لە کاتی ئەمەویەکاندا (٦٦١-٧٥٠ز) کە بە یەکەم ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی دادەنرێت.

لێرەدا ئیسلام لکا بە وشەی عەرەبەوە و کاریگەری هۆزە عەرەبییەکان بەتەواوی بەرچاو بوو لەسەر ئەم ئیمپراتۆریەتە.

سییەم لە کاتی عەباسیەکاندا کە پاش ئەمەویەکان دێت بەسەردەمی گونجانی غەیرە عەرەبەکان ناوزەد دەکرێت چونکە خاکێکی زۆری وڵاتی فارس و بیزەنتیەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەم حوکمەوە ، هەر چۆنێک بێت بەپێی زوبەیدە و ئەیوبی ئەم ویلایەتانەی عەباسی وڵاتی مۆدێرنی ڕاستەقینە نەبوون و بەشێوازی تیۆری پێیان دەوترا ویلایەتە ئیسلامیەکانی عەباسی واتە دین تەنها بە تیۆری هەبوو کە ئەمەش بووە یەکگرتنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین ..

کەواتە ئەگەر پێداچوونەوەیەکی ئەم ڕاستیە مێژووییانەی سەرەوە بکەین دەتوانین بزانین کە تاچەند سیاسەت و دین کارلێک و کاریگەریان هەبووە بەشێوازی جیاواز لەسەر وڵاتە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین . لێرەوە من بەناوبانگترین گروپی ئیسلامی میسریتان پێشکەش دەکەم کە ئەویش گروپی (ئیخوان موسلیمین)ە و ئەو بەشە ڕادیکاڵیەی ئەم

گروپەیە کە ناوی جەماعەتی هیجرە و تەکنیرە .. ڕاستیە مێژوویەکان دەری دەخەن کە ئیخوان مسلیمین یەکەم گروپن کە لەم سەردەمەدا داوا دەکەن دین و دەوڵەت بکرێتەوە بەیەک و ئاوێتە بکرێت (زوبەیدە ١٩٩٣لاپەڕە ١٢، ٥٠) ئەم گروپە لەلایەن حەسەن بەنناوە لە ساڵی ١٩٢٨ دا دامەزرا ئامانجیان ڕیفۆرم و بەئیسلام کردنی سیاسەت و کۆمەڵ و سیستمی ئابووری میسرە ئەم گروپە بەڕوونی خۆیان لە هێڵی ریفاع الطهطاوی (١٨٠١ـ١٨٧٣)و جەمالەدینی ئەفغانی (١٨٣٩ـ١٨٩٧) و موحەمەد عەبدو (١٨٤٩ـ١٩٠٥) و ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥ـ ١٩٣٥) دا دەدۆزنەوە .

لەسەرەتادا ئیخوان دژی ئەوەبوون خۆیان بەگروپێکی سیاسی بناسن و داوای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بکەن (ئەیوبی ١٩٩٤ لاپەڕە ١٣٢) ئەمەش مانای نەبوونی حەزی سیاسی ناگەیەنی، بەڵام وەک زوبەیدە دەڵێت بیری ئەوان بریتیە لە گوێڕایەڵی تاکەکان بۆ ئیسلام و دروست بوونی کۆمەڵگای ئیسلامی هۆکارن بۆ دروست بوونی دەوڵەتی ئیسلام. (زوبەیدە ١٩٩٣ لاپەڕە (١٣٣ـ١٣٤) بەگوێرەی ئەم گروپە سیاسەت و دین دژ بەیەک نین و لە دوو بازنەی پێچەوانەشدا ناخولێنەوە.

لەسەردەمی سەید قوتب دا (١٩٠٦ـ ١٩٦٥) کە ڕابەرایەتی ئەم گروپە بوو بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی گشتی ڕژێمی سیاسی ناسری دەستی پێکرد و ئەوان بیرۆکەی دروستکردنی حەماسی جەماوەری و دروستکردنی وڵاتێکی خودایی بڵاوکردەوە و سەرجەم وڵاتانی عەرە بییان بەجاهیلی لەقەڵەمدا هەر بۆیە پێیان وابوو سەرەتا وەرگرتنی دەسەڵات پێویستە کە بەهۆیەوە دەتوانن کۆمەڵگا ئامادە بکەن بۆ ڕازیبوون بە حوکمی ئیسلام ئەم ئامادە کردنەی کۆمەڵگاش بەبڵاوکردنەوەی کلتوری ئیسلام دەبێت بەهۆی ڕاگەیاندن و مزگەوت و ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە .

لەبەر خاتری ئەوانەی سەرەوە و هۆکاری دیکەش ئەم گروپە توندو تیژییان بەکارهێنا بۆ وەدەستهێنانی مەبەستە ئاینییەکانیان بەتایبەتیش لە ساڵانی (١٩٤٠ـ١٩٦٠) کە بەشدارییان لە زۆر کاری کوشت و بڕیدا کرد لەوانەش کوشتنی سەرەک وەزیران ئەلنوقرشی

کەلە ساڵی ١٩٤٩دا کوژرا.

ئەمانە پەیوەندیشیان لەگەڵ بزوتنەوەی ئەفسەرە ئازادەکانیشدا هەبووە و پاڵپشتیان کردوون، بەڵام هەر بەخێرایی هەڵگەڕانەوە لە ناسریەکان و حکومەتی ناسریش ئەوانی تاوانبار کرد بەبەشداریکردن و هەوڵدان بۆ کودەتا و کوشتنی سەرەک وەزیران هەر بۆیە زۆر بەیانی ئاخنیە بەندیخانەکان لەوانەش سەید قوتب کە لەساڵی ١٩٦٥دا لە سێدارەدرا (زوبەیدە لاپەڕە ٤٧-٥٣).

لەساڵی ١٩٧٠دا بەناوی کرانەوە بەڕووی گروپە سیاسەکاندا سادات زۆر بەیانی ئازادکردو ڕێگەی دان چالاکی ئەنجام بدەن ، بەڵام لەو کاتەدا ئەم گروپە ئیسلامیە بوونە دوو باڵ یەکەمین باڵی سەربازی بوون کە دژایەتی سیاسی و سەربازی ڕژێمیان دەکردو ناوزەدکران بەگروپی (ئەکادیمیای سەربازی) چونکە لەساڵی ١٩٧٤ دا پەلاماری ئەکادیمیای سەربازییاندا. باڵی دووەم پێیان دەوترا (تەکنیرو هیجرە) بەڵام بەخۆیان دەگوت (جەماعەت ئەلموسلیمین) سادات ئەم هەموو کێشمەکێشی و دڕامانەی کۆمەڵگای ناودەنا کرانەوە (ئینفیتاح)

(ئەیوبی لاپەڕە ٦١) . گروپی بچووکیش هەبوون بەناوی (جیهاد) کە هەرە توندترین باڵی گروپی ئەکادیمیای سەربازبوون کە ئەمانە تاوانبارن بەتیرۆرکردنی سادات لە ساڵی ١٩٨١دا

بەڵام گروپی تەکفیرو هیجرە ڕاینگەیاند کە هەموو کەس لە دەرەوەی ئەم گروپە خیانەتکارن (زوبەیدە ١٩٩٣ لاپەڕە ٥٣-٥٥)

هەر چۆنێک بێت لە ساڵی ١٩٩٠ وبەدواوە لە میسردا گروپی توندی ئیسلامی سەری هەڵدا .

دیارترینییان جیهادو جەماعەتی ئیسلامیەیە کە بە نموونە هۆی تیرۆرکردنی گەشتیارانی ڕۆژئاوایی و هزرڤانە مەدەنییەکان و قیبتیەکان .. لەگەڵ ئەم هەموو توندو تیژیانەشدا جەماوەری ئەم گروپە ئیسلامیانە ڕوو لە زیاد بوونە و واقیعێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ینە لە میسردا.

من لەگەڵ ئەیوبیدا هاو ڕام کە ئیسلام بیرۆکەیەکی تایبەتی نیە بۆ دەوڵەت و بۆ ئابووری و ئەم بزووتنەوە ئیسلامیە مۆدێرنانەش کە هەن بەلایەنەوە گرنگ نیە ولات مۆدێرن بکرێت و پێشکەوتن ڕووبدات بەڵکو دەیانەوێت سیاسەتی شمولی خۆیان بسەپێنن. (ئەیوبی لاپەڕە ٢٣١ـ٢٣)

لە سەدا سەدجیابوونەوەی دین و دەوڵەت لە مێژووی ئیسلامدا شتێکی ڕادیکاڵی نیە هەر بۆیە (ڕۆی) پێی وایە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی ئیسلامەوە تا ئێستا سیاسەت لەناو بازنەی ئایندا دەسووڕێتەوە بەلام بیرۆکەیەکی سیاسی ئاشکرا بۆ ئەو بازنەیەنیە (ڕۆی ١٩٩٤ لاپەڕە ١٤)

بە کورتی دەتوانین بڵێین و بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕیفۆرمستە ئیسلامیەکانی وەک ئەفغانی و عەبدەویستیان ئیسلام مۆدێرن بکەن و نەوەکانی ئەوانیش وەک بەنناو ئیخوان موسلیمین ویستیان مۆدێرنیزم بە ئیسلام بکەن . کە ئەمەش دەردەخات کە ئیسلامە هاوچەرخەکان دژی مۆدێرنیتێن و هیچ پلانێکیشیان پی نیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە کۆمەلایەتی و ئابوورییانەی کە تووشی کۆمەڵگاکانیان دەبێت.

**ماهر عبدالواحد عزیز:**

بکلۆریوس کۆمەڵناسی – زانکۆی سەلاحەدین – ١٩٨٧

ماستەر کۆمەڵناسی – زانکۆی بەغدا – ١٩٩٠

ماستەر سیاسەت و کۆمەڵناسی – زانکۆی لەندەن – ١٩٩٧

قوتابی دکتۆرا: زانکۆی ئێکستەر Exeter – بەریتانیا.

ئەندامی ئینستیووتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، زانکۆی لەندەن.

کتێبێکی لەبەردەستە: ناشنالیزمی کوردی، بەئینگلیزی – چاپ نەکراوە.

– چەند وتارێک لەسەر سیاسەت و کۆمەڵناسی. بەئینگلیزی چاپ نەکراوە.

– باسێک لەگەڵ گاریت ستانسفیلد لەسەر «راوبۆچوونی نوخبەی سیاسی کوردی بۆ ناسنامەی کوردی.

## Bibliography بيبيلۆگرافيا

Ayubi. N, (1994), Political Islam: Religion and Politics in the Arab World, Rutledge, London.

Foreign and commonwealth office (1993), Background Brief on the Iraqi opposition, London.

Keddie. N, (1988), Ideology, Society and the State in post colonial Muslim Societies. in F. Halliday and H. Alavi (eds), Stats and Ideology in the Middle East and Pakistan, London Macmillan education, London.

Laser. S, (1996), Maytyrs, Traitors and Patriots: kurdistan fter the Gulf War, Zedbooks, London.

Rot. O, (1994), The Failure of Political Islam, E. Tauris, London.

Zubaida. S. (1993). Islam the People and the State, I.B Tauris, London.

Zubaida. S, (1995) Is There a Muslim Society? Ernest Gellner’s Sociology of Islam, in Econony and Society, vol: 24, no 2.

Zubaida. S, (1998), Mislim Societies: Unuity or Diversity? in Newsletter of International Institute for the study of Islam in the modern World, October. 121.